# شانۆی کوردی لە هەندەران

## «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف
(سوید)

**ڕیژیسۆر و تیپی شانۆیی تایبەت بە خۆی**

وەک لە کتێبەکەم "دەرهێنانی شانۆیی" ئاماژەم پێ کردووە، گرینگە ڕیژیسۆر "دەرهێنەر" ئێنسامبل "گرووپ"ی خۆی هەبێت، بە مەرجێک ئەو گرووپە خاوەن کارەکتەر و پرۆفایلی تایبەت بە خۆی بێت، ئەمەش بەوە دێتە دی کە تیپەکە زمانێکی هونەریی هاوبەش لە کارەکانیدا بنوێنێت، زمانی هاوبەش، واتە زمانی دەربڕینی شانۆیی هاوبەش، ئەمەش لە حاڵەتێکدا مەیسەر دەبێت کە هارمۆنیا و هاوئاهەنگییەکی تەواو لەناو ئەندامانی تیپەکەدا هەبێت. کە دەشڵێم ئێنسامبل زیاتر شێوازی گرووپ دەگرێتەوە، گرووپ، یان دەستەیەک، یان کۆمەڵێک کەس کە لە دەوری میتود و شێوازێک کۆدەبنەوە، ئەمە جگە لە هاوڕایی ئەندامانی گرووپەکە سەبارەت بە ئامانجی ئیستێتیکی و فیکری ئەو گرووپە.

**هزر و بیر... خاڵی دەستپێک لە پرۆسەی دەرهێناندا**

وەک ڕیژیسۆر بەگشتی لە بیرۆکەیەکەوە دەست پێ دەکەم، بیرۆکەیەک کە هۆش و سەرنجم ڕادەکێشێت و دەبێت بە خولیام، بە ڕادەیەک ماوەیەکی باش بیر و ناخم دەتەنێت، تاکو لە شانۆنامەیەکدا دەیدۆزمەوە، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە بیرۆکە و هزری شانۆنامەیەک دەبێت بە خولیام و دەمەوێت کاری لەسەر بکەم، بەڵام شانۆنامە کە پەسەند ناکەم تەنیا لەبەر بیر و هزری نووسەرەکەی، پاشتریش باسی ئەم بۆچوونەم دەکەم.

کە شانۆنامەیەکم بەدڵ بوو، کەم جار ڕێک دەکەوێت، یەکسەر کاری لەسەر بکەم، جاری وا هەیە بۆ چەند ساڵێک ئەو شانۆنامەیە لە هزر و ئەندێشەمدا گینگڵ



**سلاڤۆمیر مرۆژێک**

دەخوات و سەرەتاتکێ دەکات و بیری لێ دەکەمەوە، تاکو رۆژێک دێت کاری لەسەر بکەم. دۆستێکم کە بەردەوام باس لە یەکێک لەو شانۆنامانە دەکەم کە دەمەوێت بیانخەمە سەر شانۆ، پێی دەگوتم دەزانم رۆژێک دێت بە کردەیی کاری لەسەر بکەیت، هەروەک ئەوانی دیکە، وەک "تەرتووف"، "خەونە نمایشێک"، "خەونی نیوە شەوێکی هاوینە"، ئەم شانۆنامەیەش بەهەمان شێوە نۆرەی دێت. بۆ نموونە شانۆنامەی " زریان"ی نووسەری ڕووسی" ئەلکسەندەر ئۆسترۆڤسکی" باشترین نموونەیە، بۆ یەکەم جار لە ڕووسیا ئاشنای ئەم شانۆنامەیە بووم، دەستبەجێ ئارەزووی بەرجەستەکردنیم لەلا چەسپا، پاش بیست ساڵ ئەو خەونەم جێبەجێ کرد.

### خوێندنەوەی یەکەم جاری تێکست

خوێندنەوەی یەکەمی هەر شانۆنامەیەک، ئینجا ئەو کاریگەرێتییەی لە لام دروست دەبێت، فاکتۆرێکی بڕیادەرە کە حەز لەو شانۆگەرییە بکەم، یان حەزی لێ نەکەم، بەو مەبەستەی بمەوێت کار لەسەر ئەو شانۆنامەیە بکەم، یان هەر بۆ یەکجاری لە بیری بەرمەوە.

دیارە من یەکەم کەس نیم ئەم بۆچوونەم هەبێت، مییرهولد زۆر جەختی لەسەر خوێندنەوەی یەکەم جار دەکردەوە، ئەو پێی وابوو ڕیژیسۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی خوێندنەوەی یەکەم جاری دەقەوە، یان ئەوەتا تێکستە شانۆییەکە یەکسەر ئەندێشەی کەمەندکێش دەکات، یان تەواو لێی دوور دەکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو پێی وایە ڕیژیسۆر دەبێت بە یەکجار دەق لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر بخوێنێتەوە، نەک بە پچڕ پچڕی. خۆ ئەگەر فریا نەکەوتیت تەواوی شانۆنامەکە بە یەک خوێندنەوە تەواو بکەیت، باشتر وایە جاری داهاتوو، سەر لەنوێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەیتەوە، نەک لەو شوێنەوە بەردەوام بیت کە لێی ڕاوەستایت. ئەم خوێندنەوەیە خۆی لە خۆیدا دەسپێکی یەکەمە.

کاریگەرێتی و کارتێکردنی خوێندنەوەی یەکەم لە هەڵبژاردنی هەر شانۆنامەیەکدا دەکەم بە بەردی بناغە، ئەگەر شانۆنامەیەکم لە یەکەم خوێندنەوەوە بەدڵ نەبوو، هەوڵ نادەم چەند جارێکی دیکە بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بە هەر مەبەستێک بێت، باوەڕ بەخۆم بێنم کە دەبێت کاری لەسەر بکەم، دیارە هەندێک جار لایەنێک یان دوو لایەنی تێکستێک ختووکەی ئارەزووی ڕیژیسۆر دەدات و فریوی دەدات کار لەسەر ئەو دەقە بکات، بۆ نموونە ڕەنگە ڕیژیسۆر بابەت و چیرۆکی شانۆنامەکەی بە دڵ بێت، یان زمانە ئەدەبییەکەی پێ جوان بێت، یان لە ڕووی ژمارەی ئەکتەر و مەرجەکانی نمایشەوە بۆ گرووپەکەی گونجاو بێت و دەست بدات، بەڵام ئەگەر سەرتاپای دەقەکە لە هەموو لایەنێکەوە تەماشای بکەیت، دەزانم ئەم تێکستە ناچێتە دڵەوە، بۆیە هەوڵ نادەم جارێکی دیکە بیخوێنمەوە، نەبادا سازش بکەم، یان قەناعەت بە خۆم بێنم، چونکە من بڕوای تەواوم بەوە هەیە، وەک پێشتریش لە کتێبی "دەرهێنانی شانۆیی" دا ئاماژەم پێ کردووە، کە دەرهێنەر نابێت تێکستێک لە بەر یەک لایەن، یان یەک ڕەهەند هەڵبژێرێت، بگرە دەبێت هەموو مەرجەکانی تەکنیک و ناوەڕۆک و فۆرم لە تێکستێکدا یەک بگرنەوە، تا هەڵی بژێرم.

لێرەدا وتەکەی ڕیژیسۆری ئەمریکایی" جێمس ڕۆگەرس"م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت" هەڵبژاردنی شانۆنامە وەک هەڵبژاردنی هاوسەر وایە، ئەگەر لە هەڵبژاردنیدا هەڵە بکەیت، سەرتاسەری پرۆسەی پرۆڤەکردن و نمایشەکەت پڕ دەبێت لە گیروگرفت و کێشە، هەرچەندە هەوڵ بدەیت و تێبکۆشیت، کارەکەت بە شکست و نەهامەتی کۆتایی پێ دێت".

دیارە دەستپێکی کردەیی، واتە کە شانۆنانەمەکە دەچێتە ناو پرۆگرامی کاری ڕیژیسۆرەوە، ئەوە خۆی لە

خـۆیدا دەسـپـێکێکی دیکەیە، ئەویش لە پرۆسـەی بەرجەسـتـەکـردنەوە دەست پێـدەکـات، ئەمـەیان پێی دەگـوترێت دەسـتـپـێکی کـاری پراکـتـیک و کـردەیی کە ڕەنگە سەت لە سەت شتێکی دیکەی لێ بوەشێتەوە، کارێک کە تەواو جیاوازە لەوەی لە ئەندێشەی ڕێژیسۆردا گەڵاڵەی کردووە.

## بیر و هزر

گەلێک ئالوودەی ئەوەم بینەران بە ئاراستـەیەکی زۆر زەق و دیاریکراودا نەبەم، یان هەر نەبێت بەو ڕێگایەدا نەیبەم کە خـۆی چاوەڕێی دەکـات، مـەرجیش نییـە لە هەمـوو بەرهەمـێکدا سـەرکـەوتنم بەدەست هێنابێت، بە بۆچوونی خۆم بیرۆکەی سەرەکی دەبێت بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، هەر بۆیە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم کـە دەڵێت بیـرۆکـەی سـەرەکی دەرهێنەر دەبێت وەک کریستاڵ ڕوون بێت، من بە پێچەوانەوە بۆ ئەم مـەسـەلەیە دەڕۆم، پێم وایە هەمـوو بیـرۆکـەیەک لە چواردەوری بیرۆکەی دەرهێنەردا دەکرێت ڕوون و ئاشکرا بێت، تەنیا بیرۆکەی سەرەکی ڕێژیسۆر نەبێت، کە دەبێت بینەر بە لێکدانەوە و شـیکردنەوە و بە ئەزمـوونێکی زەینی بۆی بچـێت، یان ڕەنگە هەر بۆیشی نەچێت، کـە دەڵێم ڕەنگە هەر بۆیشی نەچێت، ئەوە بەو مـانایەیە ڕەنگە بۆ خـۆی لێکدانەوەیەکی دیکەی هەبێت، کـە بە ئەندازەی بیـرۆکـەی ڕێژیسـۆر قـووڵ و پڕ مـەبەست بێت، بۆیە زۆر بە مـەبەست و بەدەسـتی ئەنقـەست دەمـەوێت بینەر بخەمە ئەو ئاستەوە، کە هیچ بۆچوونێک، هزرێک، یان لێکدانەوەیەکی کـۆنکرێتی لەلا چەقـبـەسـتـوو و حازربەدەست نەبێت.

## ڕاهێنان و پرۆڤە

ڕاهێنانی پێش پرۆڤـە قـۆناغـێکی زۆر گـرینگە لە کارەکانمدا، بڕوا ناکەم لە هیچ کارێکمدا بێ ڕاهێنان، بێ وۆرکشۆپێکی سەرەتایی مەشق و ڕاهێنان، یەکسـەر پێم نابێتە ناو پرۆڤە و جیهانی شانۆنامەکەوە. ئەم قسـەیەم سـەرجـەمی کـارەکـانم لە تیـپی ئاراراتدا دەگـرێتـەوە، هەروەها کـارەکـانم لە دەرەوەی تیـپی ئاراراتیـشـدا، تەنانەت شـانۆگـەرییـەکی گـەورەی وەک "هەزار و یەک شـەوە" کـە لەلایەن شـانۆیەکی فـەرمـیی وەک شـانۆی "هێلسینگبورگ"ـەوە پێشکەش کرا، تەنانەت "تەرتووف" بە ئینگلیـزی و "یاری بە ئاگـر" لەگـەڵ شـانۆیەکی ئەزموونکارانەی ڕووسی، ئەوە باسی کارە عەرەبییەکان نـاکـەم، کـە هەمـوویان بە قـۆناغی وۆرکـشـۆپێکی سـەرەتاییـدا تێـپـەڕ بووبوون، ئینجـا دەسـتم بە پرۆڤـە کردووە.

## قۆناغی یەکەم تیپی شانۆی ئارارات

ئەمە لە قۆناغی یەکەمی تیپی شانۆی ئاراراتدا کەمتر ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لەم سـاڵانەی دواییـدا پیـادەمـان کـردووە، ئەمـەش بۆ ئەوە دەگـەڕێتـەوە کە زمـانی نمایش، یان بڵێین زمـانی گـوزارشـتی شانۆیی لە تیـپی شـانۆیی ئاراراتدا لەلای ئەو ئەکـتـەرانەی کـە پـتـر لە جـارێک بەشـداری بەرهەمـەکـانی ئاراراتیـان کـردووە تاڕادەیەک ئاشکراتر و دیارتربوو. ئەم شێوازە لە کارکردن یارمەتی منی داوە، لەوەی کە ئەکتەران بە ئاسانی ڕێنماییەکانم وەک دەرهێنەر بەرجـەسـتـە بکەن، بۆ نموونە لە یەکـەم بەرهەمی تیپی شانۆی ئاراراتدا" گێژەن" هەردوو ئەکتەر، کوردۆ گەلاڵی و پشکۆ ناکام کە دوو ئەکتەری سەرەکی گێژەن بوون، پاشتر لە "ڕووتبوونەوە"دا زۆر کـارامەتر و چالاکتر نەبز و ڕیتمی شانۆنامەکەیان دەدۆزییەوە و زووتر پەیبیان بە زمانی هاوبەشی نمایشەکە دەبرد. زمانێک کە بۆ ئارارات بووبوو بە پرۆفـایلی تایبـەت و کـەسـایەتی هونەریی تیـپـەکـە. سیـمـای ئەم زمـانە شـانۆییـە لە بەجەستەکردنی فیزیکی و زەمەنی ڕیتمێک و ناوەڕۆکی گرۆتێسکانە و زمانی شانۆیی مەرجەکی و مەجازیدا چڕ بکرێتـەوە، ئەم پرۆفـیلە لە "گـێژەن" و "ڕووتبـوونەوە" و "دوو پێغـەمبەر"دا پیـادەکراوە. دیارە شێـوازی مـەجازی هەرسێ شانۆنامـەکە زیاتر یارمـەتی ڕێژیسۆر دەدات کە زمـانێکی دینامـیکی هاوبەش لە هەمـوویاندا بەکـار بهـێنێت، دیارە هەر یەکـەو بە شێـوازێکی جیـا و بە ئەندازەی قـەوارەی شـانۆنامـەکـە و فـۆرم و ناوەڕۆکی دەقەکە، بەڵام هێڵێکی هاوبەش هەیە کە ئەو بەرهەمانە پێکەوە دەبەستێـتـەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرسێکیـان داهێنانی یەک نووسـەرن" سلاڤـۆمیـر مرۆژێک" کـە لە شـانۆی هاوچەرخـدا خـاوەنی دەنگێکی تایبـەت و شێوازێکی جیاهەڵکەوتووە.